قەتەر و میسر پێشوازی لە گفتوگۆکانی نێوان ئەمریکا و ئێران دەکەن



میسر و قەتەر لە دوو راگەیەندراوی جیادا پشتیوانیی خۆیان بۆ دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران لە عومان دەربڕی و ستایشی ڕێی مەسقەتیان کرد. لەو کۆبوونەوانەدا وەزیری دەرەوەی ئێران لەگەڵ نوێنەری تایبەتی ئەمریکا بۆ ڕژهەڵاتی ناوەڕاست کۆبوونەتەوە.

شەممە، 7ـی شوباتی 2026، وەزارەتەکانی دەرەوەی قەتەر و میسر لە دوو راگەیەندراوی جیادا پشتیوانییان لە بەردەوامبوونی گفتوگۆکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد و سوپاسی وەفدی عومانیان کرد بۆ میوانداریکردنی کۆبوونەوەکان و هەوڵە دیپلۆماسییەکان بۆ کەمکردنەوەی ململانێکان.

وەزارەتی دەرەوەی میسر پشتیوانیی تەواوی خۆی بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان ڕاگەیاند و جەختی کردەوە کە تەنیا ڕێگەچارەی دیپلۆماسی دەتوانێت پرسی ئێتۆمی چارەسەر بکات. هاوکات وەزارەتی دەرەوەی قەتەر هەمان هەڵوێستی دووپات کردەوە و هیوای خواست گفتوگۆکان ئەنجامی ئەرێنییان هەبێت و بگەنە ڕێککەوتنێکی گشتگیر.

ئەمش لە کاتکدایە، دوێنێ هەینی دانوستانکانی نێوان ئەمریکا و ئێران سەبارەت بە دەسپێکی ئەتۆمی و مووشەکی بە نێوەندگیریی عومان، دوای بەڕێوەچوونی دوو گۆڕ کۆتاییهات و ئێگەری هەیە شاندی دانوستانکاران بگەڕێنێوە وڵاتکانی خۆیان.

هەروەها عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران، لە دوای تەواوبوونی گۆڕی دووەمی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بە ڕۆژنامەنووسانی گوتی: چەند گۆڕکی دانوستانی ناڕاستەوخۆ بەڕێوە چوو، لە گۆیاندنی پێیامەکاندا چەند خاڵکی نیگەرانیی ئەمە لە دوای ئێو هەموو ماوەیە گۆیندران.

باسی لێوە کردبوو، لە کۆشک زێر باشدا باس لە ماف و بەرژەوەندییەکانی ئەمە کرا، هەروەها گفتوگۆکانیان لەگەڵ ئەمریکا ئەرێنی بوون.